www.kurdistannet.org
24-1-2007 19:37 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چرپەی ئارەزوو ... کامەران بەرزنجی



چرپەی ئارەزووم بۆ هاوار دەکا
مەیلی قەشەنگی کام دولبەر دەکا
دەروون کوورەیەو دڵ تیا کوڵاوە
بە گەرمی عەشقم دەروون برژاوە
دووکەڵی ئاگری بەربادی گیانم
تارمایی لێڵی بەسەرما داوە
فرمێسك بەتاوە و چاوم گریاوە
دڵەی بی ئارام بە تیر دارژاوە
دەروازەی شادی لەمن داخراوە
شیراوەی کارم لا ترازاوە
بەزەبر و توندی سزام دراوە
مەیلی دولبەرم بۆ من نەماوە
سۆزی ئاوازی لاوکم دەڵی
لێو خە سەر لێوم پەرچەمت کەپری
لە ژێرِ سێبەریا دەم لەسەر دەم بی
ئارەقی گۆنات ساقی گیانم بی
زولفت تێلبەند و برژانگت لەوی
لە نێو داوی تۆ پاسەوانم بی
دێراوی باخچەم لەسەر سینەت بی
گوڵی شادی من خونچەی دەستت بی
دڵۆپی شەونم لەسەر کوڵمت بی
بادەو نۆشم بی بەندەی تۆ بیمژی
ئاگری گیانم و سووری سەر کوڵمت
چرای رۆشنی رووناکی شەو بی
هەموو تاریکی دەروازە لادەن
لەگەڵ مانگە شەو دەست لە مل یەك بی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.